# نزای: ( اللهم أنت عضدي ونصيري، بك أحول، وبك أصول، وبك أقاتل )

له ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر غەزایەکی ئەنجامبدایە، دەیفەرموو: «(اللهم أنت عضدي ونصيري، بك أحول، وبك أصول، وبك أقاتل)*». *(واتە: ئەی خودایە، تۆ یارمەتی من دەدەیت، وسەرکەوتووم پێدەبەخشیت، بەهۆی یارمەتی تۆوە من بەهێز دەبم، و -بەهۆی یارمەتی تۆوە سەردەکەوم -بەسەر دوژمندا-، و بەهۆی یارمەتی تۆوە من دەجەنگم -دژی دوژمن)
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

ئەگەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە تەما بووایە هەڵمەتێکی سەربازی دەستپێبکات بۆ ڕزگارکردنی شوێنێک، ئەم نزایەی دەفەرموو (ماناکەی بەم شێوەیە): خودایە تۆ یارمەتی من دەدەیت وسەرم دەخەیت، و بەهۆی یارمەتی تۆوە بەهێز دەبم وهێرش دەکەم سەر دوژمن و بەسەریاندا سەردەکەوم، وهەر تەنها بەهۆی یارمەتی تۆوە دەجەنگم -دژی دوژمن-.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee